# شەونم

هۆنراوەی (69)

بە مژگان سیە کردی هزاران رخنە در دینم

بە برژانگی رەشت کردووتە کون کون سەنگەری دینم
وەرە ئەی چاوی بیمارت دەوای دەرد و نەخۆشینم
ئەرێ ئەی هاونشینی دڵ کە یارانت لەبیر چۆوە
نەسیبی من نەبێ رۆژێ لە بیرم چیت و نەت بینم
لەدنیای پیری بێ ئامان و فەرهادکوژ بە هاوارم
کە مەکری ئەو هەڵەی کردم لە وەسڵی یاری شیرینم
بە فیدای شاهید و ساقی جیهان، بێ ساقی و باقی
کە تەختی شایەتی ناوێ ئەویندارێکی مسکینم
ئەگەر غەیرێ لە جێی من هەڵبژێرێ یار موختارە
بەڵام من نامەوێ هەرگیز لە جێی ئەو گیانی شیرینم
لە تینی ئاوری هیجرانە غەرقی عارەقم وەک گوڵ
بە بۆی زولفی شەماڵ! فێنک کەوە نەختێ گڕ و تینم
ئەوەی لەو نامەدایە سەرگورشتەی ئارەزوومەندی
هەڵەی تێدا نیە حافز کوتوویە و داویە تەڵقینم

حافزی حەقیقی